# بۆ تۆ دایە گیان....

کانی هەڵەبجەیی
هۆڵندا
Kani_awin@hotmail.com




بۆ تۆ ئەی داگیرکەری گۆڕەپانی سنگم بە زیندانی سۆزەکانم بۆ باوەشت....بۆ تۆ ئەی ئەو شنە با فێنکەی دووای ڕۆشتنت دڵی منت کرد بە پشکۆ....بۆ تۆ ئەی ئەو کەسەی تێرت نەکردم لە شیری پاکتو بە تەژنایی لە پانتایی بیابانێکا بەجێتهێشتم بۆ تەنهایی....بۆ تۆ ئەی ئەو فریشتەیەی نەیان هێشت ساتێ بێشکە شکاوەکەم ڕاژەنیتو وەك فریشتەکانی ئاسمان لەگەڵم پێکەنی....بۆ تۆیە لە ژێر سەرپۆشی سۆزی گشت ئافرەتێکا ئەگەڕێم ئەی میهرەبانە وون بووەکەم....بۆ تۆ ئەی ئەو کەسەی گێژاوی قەدەر دوبارە لە منی کردی دووای ئەوەی ڕێگایەکم دۆزیبۆوە بۆ ئاشنا بوونت....ئاااخ لەم ڕۆژگارەی گشت سەختی و کۆسپو تەگەرەکانی بەسەر منو تۆدا بەش کرد من ئەتبینم....نیگات ئەکەم کاتی بینینی دایکێك کە بە لێوەکانی ماچێکی پڕ سۆز ئەکاتە جووانترین پەخشانو لەسەر چاوانی کۆرپەکەی چاپی دەکات....من دڵنیام کە لەگەڵمای کاتێ بێتاقەتی بانگێشم ئەکاو پێکی خۆیم پێ ئەنۆشێ....هەست ئەکەم دەستی مەستت بە ئارامی دێنی بە سەرمداو نزای ئازاد بوونم بۆ ئەکەی.... دە بگەڕێوە....بگەڕێوە گەر داوای یارمەتیت لە ساتێکیش کردووە تا دییەکانم پڕ پڕ بکەم لە سیمای بە خەم داپۆشراوت....دە تو گەورەیی یەزدانو گەورەیی خۆت بگەڕێوە... بگەڕێوە تا دەنگی لایلایە پیرۆزەکەت ببێتە دووا ئاواز کە بە گەرمایی ئەسرین دامبپۆشێ.....

ئاە ئااە دڵم بو بە هیلال....بریا دەنگم لە گیرفانی بێدەنگی خۆی ڕزگار دەکردو تا لات دەهات...

ببورە دایە ....دووای هەناسەت لە هیچ شوێنێك ئۆقرە ناگرم....دڵم گڕی گرت تا لە وڵاتی لەدایك بوونی منو تۆو خەم دوورم خستەوە...

بۆ چاوانی تۆیە دایە گیان هۆنراوەکانم ئەکەمە ئاهو نزولەو بە باڵای ئاسماندا بۆلای خوواوەند ئەیاننێرم....تاکو هەرچی ئازاری تۆیە پێشکەشم کات.

تێبینی: ئەم وشانە پێشکەشن بەو کەسەی لە سۆزی دایکی بێ بەش بوە.